


## دیار ڕەحمان بۆ ( کوردستانی نوێ ):

# حەز دەکەم بۆ یانەی هەولێر یاری بکەم

**دیار ڕەحمان یاریزانێکی لێهاتووی شاری هەولێرە بەتایبەتی لە یانەی بروسک گەشەی سەندووەو پەرەی پێدراوە تاوەکو گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئێستاش تێیدایەو ناوبراو دەیگەڕێنێتەوە بۆ ماندووبوونی ڕاهێنەرەکانی کە مەشقییان پێداوە بەتایبەتی ڕاهێنەری پێشووی یانە عەبدوڵڵا مەحمود کە پەرەی بە بەهرەمەندییەکەی داوە تا گەیشتۆتە ئاستی بانگهێشتکردنی بۆ هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی و نیشتمانی عێراق و دیار ئاماژەی بەڕۆڵی کارگێڕی یانەکەدا کە کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر بەدیارخستنی یاریزانی نوێ و لاو لە شاری هەولێر بەتایبەتی بەڕێز سەرۆکی یانە کە هەموو هەوڵ وکۆششی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ بەرەو پێشبردنی یانەکەو تۆپی پێ لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، بوارێکمان بۆ ڕەخساو ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵی سازداو بەڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکانمانی دایەوە.**

**دیمانە: عیماد قادر حەمەد**

*** چۆن گەیشتیە ئەم ئاستە وەرزشییەو لەکوێ دەستت پێکرد؟**

لەساڵی ١٩٩٧ لە تیپی میللی هەڵگورد دەستم بەیاریکرد وەکو هەر گەنجێکی شاری هەولێر بەهۆی لێهاتوویی ئاستم ڕاهێنەری بەتوانا عەبدوڵڵا مەحمود بانگهێشتی یانەی بروسکی کردم لەساڵی ٢٠٠٣ و تاوەکو ئێستا بەردەوامم لەگەڵیان.

*** چۆن بوو یانەی بروسک یەکەم بوو لە کوردستان ؟**

– بەهۆی هاوکاری هەموو یاریزان و ڕاهێنەرو دەستەی کارگێڕی لەگەڵ یەکترو یاریکردنمان زۆر بەدڵسۆزی لەهەموو یارییەکان و بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام لەگەڵ یانەکانی دیکە، بووە هۆی ئەوەی کە پلەی یەکەم بەدەستبێنین، سەرەڕای ئەوەی کە پارەی بۆندەکانمان کەمترە لە یانەکانی دیکە .

*** چۆن بوو چووی بۆ یانەی کەرکووک؟**

– یانەی کەرکووک بەمەبەستی ئەوەی دانەبەزێت هەڵسان بەکڕینی هەندێ یاریزانی بەتواناو لێهاتوو لەیانەکانی دیکە یەکێک لەوانە من بووم کە بۆندێکم مۆرکرد بە (٥) ملیۆن و توانیمان یانەکە بگەیەنینە قۆناغی بژاردەو ئەگەر غەدری ناوبژیوان نەبوایە ئەنجامی باشترمان بەدەستدەهێناو لە یاری جەویە بە باشترین یاریزان دەرچووم لەناو ئەو هەموو یاریزانانەی هەڵبژاردەی عێراق.

*** ئێستا چارەنووست دیارنییە بۆچ یانەیەک یاری دەکەیت ئەم ساڵ؟**

– هیچ کەسێک بۆ هەتا هەتایە لەیانەیەک نامێنێت تاوەکو ئێستا نازانم بۆ کوێ یاری دەکەم یانەی کەرکووک یان بروسک و لەیانەی جەویەش داواکراوم، تاوەکو ئێستا بڕیارم نەداوە .

*** ئەگەر یانەی هەولێر داوایان کردی؟**

– بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە قبوڵی دەکەم لەبەرئەوەی یانەی هەولێر یانەیەکی گەورەو بەناوبانگەو نوێنەرایەتی کوردستان دەکات لە پاڵەوانییەتی ئاسیا.

*** بەشداری کردنت لە پاڵەوانیەتی ڤیڤا لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان چی دەگەیەنێ؟**

– بەشداری کردنم لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان لە وڵاتی سوێد ئەرکێکی پیرۆزەو شەرەفێکی گەورەیە بۆ هەر یاریزانێکی کورد کە نوێنەرایەتی کوردستان بکات لەژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستان.

*** بەشداری کردنتان لەپاڵەوانیەتی ئێران بەناوی هەڵبژاردەی کوردستان چۆن دەبینی؟**

– هەروەکو ئاماژەم پێدا هەر بەشداری کردنێک لەهەر بوارێک بێت بەناوی کوردستان گەورەترین ڕاسپاردەیەو دەبێت لە ئاستی ئەم ڕاسپاردەیە بین و ئاستێکی هونەری و ئەخلاقی وا پێشکەش بکەین، هەموو خەڵکی دونیا ستایشمان بکەن و بڵێن کوردیش هەقی ژیان و هەقی وڵاتی سەربەخۆیان هەیە.

*** ئایا ڕاستە لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

– بەڵێ ناوم لە لیستی (٦٠) یاریزانەکە هەیەو هەروەها ناوم لە لیستی هەڵبژاردەی ئۆلۆمپیش هەیە کە چاوەڕوان دەکەم وەکو یاریزانێکی بنەڕەتی وەربگیرێم و بوونی خۆم و یانەکەم بسەلمێنم لەدەرەوەی کوردستان.



**لە هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق داوا کراوم**



أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٦٨ / ٩/٩/٠٨ / 2:03 AM





# کچە یاریزانی پەروەردەی رانییە بەڕێز خالید

# وەرزش هێمای پێشکەوتنە

**بەڕێز خالید لە دایکبووی ساڵی ١٩٩١کێوەڕەشی شارۆچکەی رانیەیەو یەکێکە لە یاریزانە بە تواناکانی گۆڕەپانی مەیدانی پەروەردەی رانیە، لە دیمانەیەکی کورتدا بەم جۆرە لەگەڵمان هاتە پەیڤین.**

*** چۆن تێکەڵ بە وەرزش بوویت؟**

- کاتێک کە گەیشتمە قۆناغی ئامادەیی بە هاوکاری مامۆستای وەرزشی قوتابخانەکەمان کە پێی وابوو جەستەم گونجاوە بۆ یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، ئیدی بەم جۆرە هاتمە نێو وەرزش.

*** لە چ یارییەکدا لە نێو یارییەکانی گۆڕەپان مەیدان توانای خۆت دۆزیوەتەوە؟**

- یاری هەڵدانی دیسک.

*** ئەو پاڵەوانەنییانەی بەشداریت تیادا کردوون؟**

-فیستیڤاڵی ساڵانەی پەروەردەکان و فیستیڤاڵی سەرجەم پەروەردەکانی هەرێمی کوردستان لە شەقڵاوە.

*** جیا لە وەرزش بەچی دیکە سەرقاڵی؟**

- تەنها بە خوێندن چونکە قوتابی پۆلی پێنجەمی ئامادەییم لە دواناوەندی کێوەڕەش.

***چۆن دەڕوانییە وەرزش کوردستان؟**

- بەڕای من وەرزش هێمای پێشکەوتنە، وەرزش رۆژ لە دوای رۆژ لە پێشکەوتندایە.

**ئا: پەروەر جەلیل**

## تاهیر سابیر

## ئەمساڵ هیچ دیاردەیەکی تەزویر لەتەمەنی یاریزانان نەبووە



سەبارەت بەهەندێ پرسی گرنگی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێرو ئەو خولە وەرزشییانەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام بەڕێوەی دەبەن، تاهیر سابیر خۆشناو بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی هەولێر گوتی: دوابەدوای رەزامەندی دارایی، ئێمە هەڵساین بەداڕشتنی بەرنامەو پلانی ساڵی ٢٠٠٨، هەر بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ بەڕێوەبەری سەرجەم ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر کۆبووینەوەو تیایدا بەتێروتەسەڵی باسمان بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یارییە وەرزشییەکانی وەک تۆپی پێ و تۆپی باڵەو تۆپی دەست و تۆپی باسکە کرد .

تا ئێستاش گرفتێکی وا روونەداوە شایانی باسکردن بێت.. لەبارەی تەزویرکردنی تەمەنی یاریزانەکان کە وەک دیاردەیەکی چەوتی وەرزشی چەند ساڵێکە بەرۆکی گرتوون تاهیر سابیر گوتی: جێگای خۆشحاڵییە ئەمساڵ ئەوەی دیاردەی تەزویرە نەبووە لەبەڕێوەچوونی سەرجەم خولە وەرزشییەکاناندا، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ناوەندەکانی وەرزشی پابەندن بەرێنماییەکانمان و دەستخۆشییان لێدەکەین..

گرفتی هەرە گەورەی بەڕێوەچوونی چالاکییە وەرزشییەکانییان نەبوونی هۆڵ و یاریگایە، لەوبارەیەوەش بەڕێزیان گوتی: ئێمە دەمێکە داوای هۆڵ و یاریگامان کردووە، سەرباری ئەوەش جێگای زۆرمان بۆ ناوەندەکان بەکرێ گرتووە، ئەویش بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیواو ئاواتمان زۆرە حکومەتی هەرێم داواکارییەکانمان جێبەجێ بکات، هەر لەو رووەوەش نابێ رۆڵی پارێزگاری هەولێر لەیادبکرێت کە زۆر هاوکارە لەگەڵمان.

تاهیر سابیر لەبارەی بەرنامەی داهاتوویان گوتی: دوای تەواوبوونی ئەم خولانە لەبەرنامەماندایە بۆ یاریزانە تازە پێگەیشتووەکان راکردنێکی بەکۆمەڵ و چەندین خولی جۆراوجۆر ئەنجامبدەین.

رۆژی دووشەممەی رابردووش کۆتایی بە خولی بەچکە شێران هات.

**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**



أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٦٩ / ٩/٩/٠٨ / 2:03 AM




# سەرۆکی یانەی ڕاپەڕین دەست لەکار دەکێشێتەوە



**یانەی ڕاپەڕین لەساڵی (١٩٩٩) لە شەقڵاوە لەلایەن چەند وەرزشوانێکی سنووری ڕاپەڕین دامەزراوە ، بەیەکێک لەو یانانە دەژمێردرێت لەدوای دەستبەکاربوونییەوە بەشداری زۆری لەپێشبڕکێ وچالاکی وەرزشی لەسەر ئاستی ناوچەیی و کوردستان و عیراقدا کردووە، لە نیوەی دووەمی مانگی ئابی ٢٠٠٨ لەدوای مەراسیمی بەخشینی خەڵات بەسەر یاریزانانی بەشداربوو لە پاڵەوانیەتی کۆنفۆ شۆ ،کە لە سەر ئاستی عیراق یانەکەیان بەشداری تێداکردبوو، سەرۆکی یانە (ئەردەلان مام وسو دزەیی ) دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە سەرۆکایەتی یانەی ڕاپەڕین ڕاگەیاند، لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هۆکارەکانی دەست لە کارکێشانەوە وچۆنییەتی کارو چالاکییەکانی دوای دەست بەکاربوونی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** لەدوای دەست بەکار بوونت تاکوێ توانیوتە ڕۆڵ ببینی لە پێشخستنی یانەکەتان؟**

لەمانگی ٢٠٠٧/١ تا بەرواری ڕاگەیاندنی دەست لەکارکێشانەوەم ،بەشداریمان لە ئۆلمپی سنووری ڕاپەرین بۆ یاری باڵەی کچان و سەرجەم چالاکییەکانی یادی ٥/٣ ی ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کردووە ، کە تێیدا زیاتر لە (١٠) پلەمان لە سەرکەوتنی شاخ و ماراسونی کچان و کوڕان تا پایسکیل سواری بەدەست هێناوە،لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش، بەشداری پاڵەوانییەتی لەشجوانیمان کردووە و توانیومانە سێ یاریزانمان پلەی چوارەم لە کێشە جیاوازەکان بەدەست بهێنن ، لەسەر ئاستی عێراقیش بۆ کۆنفۆ شۆ توانیمان دوو پلەی سێیەم مسۆگەر بکەین، جگە لەدەرکەوتنی یاریزانێکی نموونەیی یانەکەمان،

*** هۆکارەکانی دەست لەکار کێشانەوەتان چین؟**

– ئێمە کۆمەڵێک گرفتمان هەیە، ڕەنگە جیاوازیمان هەبێ لەگەڵ زۆر لە یانەکانی دیکە، کەمی ئەو هاوکاریەی دەدرێ بە ئێمە کێشەیەکی زۆری بۆ دروست کردووین، چونکە سنوری ئێمە فراوانەو یاریزانی باشیشمان هەیە ، کەواتە ناتوانین لەئاستی داخوازیەکانی وەرزشواناندا بین، ئەمە جگە لەوەی هەتا ئێستا ئێمە یاریگامان نییە، ئەمەش گرفتێکی بۆ دروستکردووین، ئەوەی زیاتر مایەی نیگەرانی ئێمە بووە لەرابردوودا ڕێگریە سیاسییەکان بوون، بەداخەوە هەر لەسەرەتاوە هەوڵی داخستنی هۆڵی لەش جوانی قەڵادزێیاندا، لەلایەکی دیکە گرفتێکی زۆر دروستدەکرا بۆئەوەی بەشداری چالاکی وەرزشی لە سنوورەکەدا نەکەین ، مانگی ٢٠٠٧/١١ لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ئۆلمپی کوردستان لەسلێمانی توانرا ئەوگرفتە لەڕووی ئیداریەوە چارەسەر بکرێ ، هۆکارێکی دیکەش پەیوەندی بە خۆمەوەیەو حەزدەکەم دەرفەت بۆ لاوان و وەرزشوانەکانی دیکەش خۆشبکەم زیاتر بێنە پێشەوە .

*** تاکوێ سەرکەوتوو بوون لەو هەوڵانەی داوتانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان بەگشتی؟**

– ئەمە کێشەیەکی سەرتاسەریە زۆربەی یانەکان هەمان کێشەیان هەیە ، بەتایبەتی ئەو یانانەی گۆڕەپانیان نییە کێشەی زیاتریان بۆ دروست بووە ،

*** بەنیازن بگەڕێنەوە بۆ دەسەڵاتی کۆنفرانس یان خۆتان کەسێک بۆ شوێنی سەرۆک دیاری دەکەن؟**

– بەشێوەیەکی کاتی برای خۆشەویستم مامۆستا رسول مەحەمەد ئەمین کارەکان یانە ڕادەپەڕێنی .

**ئا : حەمید قەڵادزەیی**



أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٧٠ / ٩/٩/٠٨ / 2:03 AM

# حکومەتی ئیسپانیا رێز لە نادال دەنێت

جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا ماریا تیریسا فیرناندیز دی لابێجا پیرۆزبایی لە یاریزانانی تێنسی سەرزەوی ئیسپانی رافایل نادال کرد بەبۆنەی بەدەستهێنانی خەڵات میری ئەستوریاس بۆ وەرزش ساڵی ٢٠٠٨.

«دی لا بیجا» لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی گوتی: دەمەوێت بەناوی حکومەتی ئیسپانی پیرۆزبایی لە یاریزانان رافایل نادال بکەم نەک بۆ بەتەنیا بەدەستهێنانی خەڵاتی میری ئەستۆریاس یا بۆ ئەوەی لە ریزبەندی یەکەمی جیهانە یاخود لە ئۆڵۆمپیادی پەکین میدالیای زێری بەدەستهێناوە بەڵکو پیرۆزبایەکەم بۆ هەموو ئەمانەیە، جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیران رایگەیاند پیرۆزبایەکەم بەشێوەیەکی زۆر تایبەتە لەبەرئەوەی نادال توانی سەری ئیسپانیا بەرز بکاتەوە.



جێی ئاماژەیە خەڵاتی میری ئەستوریاس گەورەترین خەڵاتی ئیسپانیە کە دەدرێت بە کەسایەتیەک لە ناوەوە یاخود دەرەوەی ئیسپانیا.

**ئا: یاسین تەها**

# کاسیاس سوپاسی رۆبینیۆ دەکات

گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیاو یانەی ریال مەدرید ئیکەر کاسیاس هیوای سەرکەوتنی بۆ هێرشبەری پێشووی بەرازیل و ریال مەدرید رۆبینیۆ خواست لەگەڵ یانەی مانچستەرسیتی ئینگلیزی.

کاسیاس سوپاسگوزاری رۆبینیۆی کرد لەسەر ئەو هەوڵ و ماندووبونەی کە لەکاتی یاریکردنی لەگەڵ ریال مەدرید نواندی هەروەها کاسیاس گوتی: دوورکەوتنەوەی رۆبینیۆ هیچ کارناکاتە سەر یانەکەمان، هەموو یاریزانێک ئازادە لە رۆیشتن بۆ هەر یانەیەک ، کاسیاس گوتی: هیواخوازم بەخت یاوەری بێت. هەروەها رایگەیاند هەموو یاریزانێک ئاواتەخوازە بێتە ریزی یانەی مەلەکی، لەو باوەڕەدانیم هیچ یاریزانێک بتوانێت بڵێ نا بۆ ریال مەدرید. یانەی مەلەکی بەم دواییە تووشی شۆک هات کاتێک هەردوو هێرشبەری ئیسپانی سانتیاگۆ کازۆرلاو دیفید فیا رازی نەبوون بێنە ریزی ریال مەدرید.



**ئا: کاوە فاروق**



أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٧١ / ٩/٩/٠٨ / 2:03 AM